# کەی دێمۆکراسی لە ئێراندا لە خەونەوە دەگۆڕێ بۆ واقیع

ئارەزوونستانی

دێموکراسی لە دوو ووشەی یۆنانی (دێمو) بە مانای خەڵك و (کراسی) یانی دەسەڵات کە لە سادەترین مانادا دێموکراسی مانای دەسەڵاتی خەڵك دەگەیەنێ، دێموکراسی وەك سیستەمێکی سیاسی لە ئەوروپا دوای خەباتێکی دوور و درێژ جێگیر بوو، بە جۆرێك کە مەلیکەکان دەسەڵاتێکی ڕەهایان هەبوو لە بەرامبەریش دا کەنیسە دەسەڵاتی زۆر بوو کە هەندێ جار لە دەسەڵاتی مەلیکەکان زیاتر بوو ئەوەش هۆی کێشە بوو لە نێوان مەلیك و کەنیسە بەم کێشەیەش بە کەم بوون و نەمانی دەسەڵاتی کەنیسەو وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن مەلیکەکان کۆتایی هات و مەلیکەکان بوونە خاوەن دەسەڵاتی ڕەها کە بە دواییدا کێشەی دەسەڵات لە نێوان مەلیکەکان و گەل دا سەری هەڵدا و گەل داوای دەکرد لە بەڕێوە بردنی دەسەڵات دا بەشدار بێ. پاشان هەڵگیرساندنی شۆڕشی فەرەنسی و بەدواییدا شۆڕشی ئەمریکا کە بووە هۆی یەکگرتنی ویلایەتەکانی ئەمریکاو دەستورێکی دەرکرد کە ئەو دەستووره جەختی لە سەر ئەوە دەکرد کە دەبێت گەل ئازاد بێت،ئەم دوو شۆڕشانە ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە بەرەوپێش بردنی مەسەلەی دێموکراسی و بەشداری گەل لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات دا، بەو جۆرە گەل مافی بەشداری لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی درایە، ڕاڤەی چەمکی دێموکراسی بە گوێرەی قۆناغەکان گۆڕاوە، لە هەر قۆناغێك دا دێموکراسی شیکردنەوەی بۆ کراوە بە گوێرەی پێشکەوتن و تێگەیشتن لەو چەمکە. لە ئێستادا کە باس لە دێموکراسی دەکرێت لە ناوەرۆك دا چەمکی دێموکراسی مانای کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و بەیەکەوەژیان و بنبڕبوونی جیاوازییەکان و قەبووڵ کردنی یەکتر بە شێوازو میکانیزمەکانی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و سانسۆری دەسەڵات لە لایەن میدیا و سیستەمی قەزایی دەگریتەوە، واتا مانای مل کەچ کردنی

دەسەڵاتە بۆ سانسۆرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە دەرەوەی خۆی لە گەڵ پێویستی رێ نەگرتنی دەسەڵات لە دروست بوون و کامڵبوونی ئەم سانسۆرە. کە ئەوەش لە چوارچێوەی ئازادی دا بەرجەستە دەبێ، بە تایبەتی کە ئازادی یەکێکە لە پایە هەرە گرنگەکانی جێگیربوونی سیستەمی دێموکراسی، چونکە دێموکراسی راستەقینە خۆی لە وەدا دەبینێتەوە کە هەموو نەتەوەکان و کەمایەتیە نەتەوەییەکان بتوانن بەشێوەیەکی ئازادو لە هەڵبژاردنێکی دێموکراتی دا چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و جیاوازی جنسی و رەگەزی و نەتەوەیی و هیچ جۆرە جیاوازییەکی تر نەمێنێ، کەواتە دەتوانین بڵێین دێموکراسی لە جەستە و بزاوتی ئازادییەوە لە دایک دەبێ بەڵام لەدواییدا دێموکراسی دەبیتە سیستەمێك کە زامنی پاراستنەکانی خەڵك دەکا. سیستەمی دێموکراسی بەدرێژای مێژوو لە هەر وڵاتێك دا پەیرەو کرابێ تووشی زۆر نوشوستی و هەستانەوە هاتووە تا بەمانانی تەواوی دێموکراسی جێگیر بووە، بە جۆرێك لە هەندێ وڵات دا زەمەنێکی دوورودرێژی خواستووە کە چی لە هەندێ وولاتی تردا سەرەرای خەباتی دوورودرێژ لە پێناوی دێموکراسی دا زەمینەیەکی ئەوتۆ نەرەخساوە بۆ جێگیر بوونی سیستەمی دێموکراسی بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا سەرەرای خەباتی دوورو درێژ لە پێناو چەسپاندنی ئەو سیستەمە، کە وڵاتی ئێران نموونەی زیندوو وبەرچاوە بۆ ئەوەی کە سەرەرای ئەوەی گەلانی ئێران بە درێژای مێژوو تینووی سیستەمێکی دێموکراسی بوون بە جۆرێك کە ئامادە بوون پێشوازی لە هەموو دەست پێشخەریەك یان هەوڵدانێك بکەن کە بتوانێت گۆڕانکاری بنەڕەتی لە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیریدا دروست بکا و لە باوەشی بگرن و تا دوا هەنگاو بەدواییدا برۆن و هیوا و ئامانجەکانیان بۆ بێنیتە دی، بەڵام ئیستاش زەمەنیەکی ئەوتۆ نەرەخساوە، نە لە سەردەمی رەزا شا نە دوای سەرکەوتنی ئینقلابی ٥٧، لەگەڵ ئەوەی گەلانی ئێران بە گەشبینییەوە دەیان روانیە ئینقلاب و لەو بروایەدا بوون بەدوای ئینقلاب، ئێران وەرچەرخانێکی مێژووی لە ژیانی سیاسی بە خۆیەوە دەبینی و خەونی گەلانی ئێران بۆ جێگیر کردنی سیستەمێکی دێموکراسی لە ئێران دێتە دی.

بەڵام رەوتی رووداوەکان بە پێچەوانەوە بوو ئەویش بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات بوو لە لایەن کۆماری ئیسلامی کە جێگیربوونی نیزامی(وەلی فقیە)ی لێ کەوتەوە، پاشانیش قۆرخ کردنی سەرجەم دەسەڵاتەکان لە لایەن ئەو نیزامە، کە ئەوەش بۆ خەونی گەلانی ئێران روون بۆوە کە(وەلی فەقیە) لە روانگەی

کۆماری ئیسلامی لە سەرو یاسایەو دەستوورو یاساکان دەبێ لە ژێر سایەی ڕێنماییەکانی ئەودا هەڵسوکەوت بکەن. بە بۆچوونی کۆماری ئیسلامی(وەلی فقیە) سەرچاوەی دەسەلاتی گەل نیە بەلکو سەرچاوەی دەسەلاتی ویست و ئیرادەی خواوەندەو ئەو ڕەوایەتیەش بە خۆیان دەدەن کە لە لایەن خواوە دەسەلاتیان وەرگرتووە، لە بەر ئەوە بەرپرس نین بەرامبەر بە گەل هەروەك چۆن مەلیکەکان لە کۆن دا خۆیان بە بەرپرسیار دانەدەنا بەرامبەر بەگەل و خۆیان بەخودای سەرزەوی لە قەلەم دەدا، لە لایەکی تریشەوە خودی چەمکی دێموکراسی لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی چەمکێکی نامۆو نەگونجاوە لە گەلّ ئایین داو دیاردەیەکی خۆرئاواییە و پێیان وایە ژیان لە نێوان چەمکە کۆمەلایەتی و فکرییە مۆدێرنەکان و ڕاسپاردە ئاینییەکان نیە و باس کردن لە چەمکی دێموکراسی یان هەر چەمکێکی تر کوفرەو مانای بێ باوەڕی دەگەیەنێ. بەو جۆرە گەلانی ئێران لەوە تێ گەیشتن کە چەمکی دێموکراسی چەندە چەمکێکی نامۆیە لە دیدی کۆماری ئیسلامی و لە لایەکی تریشەوە لە وڵاتێك دا کە دەستوور و یاسا لە پەراوێز بن باس کردن لەسەر مەسەلەیەکی ئەوتۆ شتێکی گرانە و خەباتێکی دورو درێژو قوربانی گەورەی دەوێ، بەلام بەهێزی باوەڕی گەلانی ئێران بە دێموکراسی و بوونی باوەڕ بەوە کە تەنیا لە سیستەمی دێموکراسی دا مافی هەموو نەتەوەو کەمە نەتەوەکان دەستەبەر دەبێ، گەلانی ئێرانی لە خەبات بۆ جێگیرکردنی ئەو سیستەمە سارد نەکردنەوەو سەرەڕای توندو تیژی و ئەو پەڕی سەرکوت کردن بەردەوام بوون لە هەولّدان و ئامادە بوون کە پێشوازی لە هەر دەست پێشخەریی و بانگەشەیەك بکەن. بەلگەش بۆ ئەوە بەشداری بەرچاوی گەلانی ئێران لەخولی(هەشتەمی) هەلبژاردنی سەرۆك کۆماری کە بالّی ڕیفۆرم خوازی کۆمەلّێك پەیام و درووشمیان بەرز کردبۆوە و لە پروپاگەندەکانی هەلبژاردندا بەلێنی ئازادی بیروڕاو ڕۆژنامەوانی و گۆڕانکاری بەربلاویان بە خەلّك دابوو کە هەموو ئەوانە بوونە هاندەر بۆ بەشداری بەرچاوی گەلانی ئێران لە هەلبژاردن دا بە تایبەتی کە بەشداری لاوان لەو هەلبژاردنە بەر چاو بوو بە بەراورد لەگەلّ هەلبژاردنەکانی پێشوودا، توێژی لاوان لە ئێران لەو بڕوایە دابوون کە سەرکەوتنی بالّی ڕیفۆرم خوازان بەرامبەر بە بالّی کۆنە پارێزان کە مێژوویەکی ڕەشیان لە توندو تیژی و سەرکوت دا هەبوو دەبێتە مایەیی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ئێران و کۆتایی هێنان بە هەموو قەیران و نەهامەتیەکانی لاوان و لە لایەکی تریشەوە ویستیان بە کۆماری ئیسلامی نیشان بدەن کە تا

ئیستاش بێ هیوا نەبوون لەپێناو هەوڵداندان بۆ دامەزراندن و چەسپاندنی سیستەمێك لە ئێران دا کە لەئاست ویست و داخوازەکانیان بێ.

پاشان هەڵبژاردنی محمد خاتەمی کاندیدای ریفۆرم خوازان کە بە نوێنەری بیروڕا و رۆشنبیرو دێموکراسی خوازە ئاینییەکان دادەنرا بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری بە تایبەتیش کە لەو بیروڕایەوە دەستی پێ کرد کە دەڵێ"سەرکوت کردن متمانەی گەل بەخۆی و تواناکانی لە بیرکردنەوە سەر کوێر دەکا و گیان و ژیانی پڕ لە ترس دەکا، هەروەها دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی دووڕوویی و درۆ و ریا کردن، لە کۆمەڵگای سەرکوتکاریدا خوا لە شێوەی سەرکوتکەرێکدا دەردەکەوێت، گوشار رێگە بەتاك نادات توانای دەربخات بۆیە خەڵکی چاوەڕوان دەکەن هێزی دەرەکی بێت و لەو سەرکوتکارییە کە بە دەستیەوە دەناڵێنن ڕزگایان بکاو پەناش دەبەنە بەر دروست کردنی جوڵانەوەو بزوتنەوەی نهێنی و بەکارهێنانی شێوازی توندوتیژی، لە بەرامبەر دەسەڵاتی سەرکوتکار دا لە کۆتاییدا هەموو ئەوانە دەبێتە هۆی زیادبوون و پەرەسەندنی هەستی ڕق لێبوونەوە".

لە لایەکی تریشەوە لە بارەی هەڵوێست لە ئاین و بیرو بۆچوونەکانی دەربارەی رۆڵی ئاین دەڵێ "ئێمە وای دەبینین کە ئاینی خوا شەریعەتێکی لێبوردەو ئاسانە و ئاینێکی لێبوردەیەو، ئێمە بڕوا ناکەین لاوانی بە شەرەفی ئێران لە کاتێك دا داوایی ئازادی دەکەن مەبەستیان بەرەڵایی و لە بەین بردنی ئەخلاق بێت هەروەها ناکرێت قسە لەسەر گەشەپێدان و بنیاتنانەوە بکرێت لە کاتێك دا کە چاو لە ئاستی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکاندا دابخەین".

لە لایەکی تریشەوە خاتەمی ئاماژەی بەوە دەدا کە هەموو گۆڕانکارییەك پێویستە دوور لە توندوتیژی و بە شێوازی دێموکراسیانە ئەنجام بدرێ و رەخنەی لە باڵی کۆنە پارێزان دەگرت بەوەی کە بە درێژایی سەدەکانی رابردوو لە سەر ئەوە راهاتوون بۆیەی ئاین لە مەسەلەکان هەڵسوون و



ئامانجی هەموو کارێکی خۆرئاوا بە هەوڵدان بۆ تێکدانی سیستەمی بڕواو ئەخلاقی گەل دابنێین" ئەمەو جەخت کردنەوەشی لە سەر گرنگی بوونی رەخنە کە رۆڵی دەبێ لە بنیادنانەوەو راست کردنەوەی هەڵەکان جۆرێك لە دڵنیایی بێ ئەندازەی لە دڵی گەلانی ئێران دروست کردبوو و لە بەرامبەریش دا گرەوی خۆیان بردبۆوە بۆ خەڵەتاندنی خەڵك کە سەرجەم خەڵکی ئێران لەو بڕوایە دابوون بەهاتنی ریفۆرم خوازان بۆ دەسەڵات رەگ و ریشەو مێژووی سەرکوتکاری کە باڵی کۆنە پارێزان لە فەرهەنگی ئێراندا چاندبوویان بۆ هەمیشە لە بن دێ، سەرکوت و زەبرو زەنگ لە فەرهەنگی ئێران دەسڕێتەوە و ئازادی و دیالۆگ و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ جێگای دەگرێتەوە و بۆ جارێکی تر ئێران لە سەر کاولکاری بنیات دەنرێتەوە و دێموکراسی لە خەونەوە دەبیتە واقیع و گەلانی ئێران چی تر لە پەراوێز نابن و بە بێ ویستی خۆیان و بە زۆرەملێ حوکمیان ناکرێ، بەڵکو لە جێگای دا عەقڵی گشتی کۆمەڵ دەبێتە بنەمای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. بۆ جارێکی تر یاساو دەستوور ئەو رۆڵەی لێیان قۆرخ کرابوو وەر دەگرنەوە. راگەیاندن کە بە دەسەڵاتی چوارەم دێتە ئەژمار کردن چی تر رێگایەك نابێ بۆ پڕو پاگەندە کردن بەڵکو ڕۆڵی ئەکتیڤی دەبێ لە ئاشکرا کردنی راستیەکان و پەردە لادان لە سەر خراپییەکان.

بەڵام پاش ماوەیەك لە دەسەڵاتداری باڵی ریفۆرم خوزان دەرکەوت ئەو جارەش بەخت یاوەری گەلانی ئێران نەبووە و پەیام و دروشمەکانی باڵی ریفۆرم خوازان تەنیا پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بوون ئەگینا ئەو بەڵێنیانەی بە خەڵکیان داوە بەجێ دەهێنن،لەگەڵ ئەوەی بانگەشەیان بۆ ئازادی دەکرد بەڵام ئامادە نین بڕێکی کەمیش لە ئازادی ببەخشنە گەلانی ئێران، ووتەکانی خاتەمی کە باسی لە خراپی سەرکوت و زەبرو زەنگ دەکرد باسی لە مافی مرۆڤ و بنیاد ناوە و ئازادی بیروراو گرنگی رخنە دەکردەوە دەرکەوت کە ئەوانە لە چەند قسەیەکی بێ بنەما زیاتر نەبوون. گەلانی ئێران لە جاران زیاتر رووبەڕووی توندوتیژی و سەرکوتکردن بوونەوەو لە جاران زیاتر دەنگە نارازییەکان کپ کران و دەسەڵاتی قەزایی، راستتر بڵێین دەسەڵاتی زەبر و زەنگ و سەرکوت کە لە مێژووی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە رۆڵی سەرکوتی بینیبوو زیاتر لە جاران کەوتە سەرکوت کردنی گەلانی ئێران وبەرپەرچ دانەوەی بزوتنەوە خوێندکاری و سەر جەم بزوتنەوە چاکسازییەکانی تر و بڵاوکردنەوەی ئەو پەڕی ترس و تۆقاندن لە دڵی گەلانی ئێران

به جۆرێك كـه توندوتیـژی و سـەر كـوت كـردن گەیـشتبووه ئەوپەڕی بە بەراورد لە گەڵ پێشوودا، ئێران ترسناكترین قۆناغی لە سەركوت و زەبـرو زەنـگ بـە خـۆوە بینـی. میـدیاكان جـاران بوونه بەشێك لە كایەكانی پڕو پاگەندە كردن و چەواشەكاری لـە جێگـەی چـاوەدێری كردنـی دەسـەڵات و پـەردە لادان لـە سـەر خراپییـەكانی دەسـەڵات بـۆ هاوڵاتیـان. دەركـەوت كـە كۆمـاری ئیـسلامی تـەنیا یـەك هـەدەفی هەیـە ئـەوەیش مانەوەیـە لـە دەسەڵات، لە كاتێكیش دا كە ستراتیژی تاقمێك تەنیا مانەوە لـە دەسەڵات بێ دوور نیە پەنا ببنە بەرچەواشەكاری و خەڵەتاندن و هەر جارەی لە رووپۆشێك دا خۆیان نیشان بدەن. روون بۆوە كە باڵی ریفۆرم خوازان هـیچ چەشـنە جیاوازییـەكیان لـە گـەڵ بـاڵی كۆنـە پـارێزان نیـەو هـەموویان خـاوەن ئایدیایـەكن ئـەویش بـاوەڕبوون بـە ویلایـەتی فقیـە. گـەلانی ئێـران گەیـشتنە ئـەو قەناعەتـە كـە لـە ژێـر سـایەی كۆمـاری ئیـسلامی دا هـیچ گۆڕانكارییەك روونـادا و لـە گـەڵ ئەمـەی هەڵبـژاردن لـە دنیـا دا رێگایەكە بۆ ئاڵوگۆڕ لە وڵات بەڵام هەڵبژاردن لە ئێران دا تـەنیا شتێكی فەرمایشتیە و تەنیا ئاڵوگۆڕی مۆرەكانی رژێمە لـە سـەر كورسی دەسـەڵات ئـەگینا هەڵبـژاردن بـچووكترن گۆڕانكـاری لـە وەزعی سیاسی ئێران دا پێك نایەنێ. هەر بۆیە سەرجەم گـەلانی



ئێران بڕیاریان دا چی تر بەشداری شانۆ سازییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاتی هەڵبژاردندا سازیان دەکا نەکەن، کە ئەوەش لە خوولی نۆهەمی سەرۆك کۆماری دا رەنگی دایەوە گەلانی ئێران بەشداری ئەو هەڵبژاردنەیان نەکرد وبە کۆماری ئیسلامیان نیشان دا تا چ رادەیەك بێزارو رق لە دڵن و لە لایەکی تریشەوە بۆ گەلانی ئێران روون بۆوە کە سەرۆکی هەڵبژێردراوی خولی نۆهەمیش لە گەڵ ئەوانی تر جیاواز نابێ ئەگەر خراپتر نەبێ‌و دەق بەو شێوەیەش دەرچوو. ئەنجامی هەڵبژاردن کەسێکی گەیاندە کورسی دەسەڵات کە بە دڵنیاییەوە لە جاران زیاتر ئێران تووشی قەیرانی لەبن نەهاتوو دەکا و دەکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین لە سایەی حاکمییەتی دا ،ئێران بەرەو سەدەکانی ناوەراست بگەڕێتەوە. ئیدی گەلانی ئێران بێ گومان بوون لەوە کە چەسپاندنی سیستەمی دێموکراسی لە ئێران دا بەستراوەتەوە بە لە ناوچوونی ئەو رژێمە ئەگینا قسە کردن لە سەر دێموکراسی لەو نیزامەدا بێ‌مانایە.

**سەرچاوە:**

١ـ ڕۆشنبیری، کۆمەڵگا، دێموکراسی، چەند سەرنجێك، بە پێنووسی(بەختیار عەلی، مەریوان وریا، ئاراس فەتاح). چاپی (٢٠٠٠ )

٢ـ کیشەی رریفۆرم و ئایین لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

وەرگێرانی(مەهدی ئەبوبەکر) چاپی (٢٠٠٥ )

■